# هێرش بۆ سەر یەکێکمان هێرشە بۆ سەر هەمووومان

(سەبارەت بە ڕووداوەکەی 16ی ئازار لە هەڵەبجە)

ئازاد ئارمان

**azadarman@hotmail.com**

خۆپیشاندانی جەماوەری لە 16ی ئازار لە شاری هەڵەبجەدا، نیشانەی توورەیی و نارەزایەتی ئەم دەڤەرەو سەرتاسەری کوردستانە لە دەسەڵاتدارانی حیزبی و دەوڵەتی( دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی).   کە لە چەند مانگی رابردوودا لە سێ شوێنی جیاواز ڕوویانداوە ( کەلار، ئاکرێ، هەڵەبجە).

دەسەڵاتداران هەر ناوێکی لێبنێن و هەر ناتۆرەیەکی بۆ دروست بکەن، ئەمە نیشانەی دەربرینی رقێکی گەورەیە لە دژی چینی فەرمانرەوای کوردستان کە نزیک بە دوو دەیەیە دەسەڵاتداری زاڵمانە و چەوسێنەرانەی خۆی درێژە پێدەدا. لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندی کەمایەتی یەک لە دژی زۆرینەی کۆمەڵگای کوردستان. نوێترین هیپوکرسی و سیاسەتی دیماگۆجی یانەیان ئەم وتە پوچەیە کە زۆربەیان لە چەند ڕۆژی رابردوودا لە میدیاکانیان دەیلێنەوە: (دەستێک لە پشت ئەمەوە هەیە).

دەسەڵاتداری میلیشیایی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک)، لە 15 ساڵی رابردوودا نیشانیان دا لە بەرامبەر هەر نارەزایەتی یەک و داواکاری و داخوازی یەکی جەماوەری چ ئابووری چ سیاسی، بێجگە لە زمانی ترس و توقاندن و زیندان و تیرۆر، هیچ فۆرم و شێوازێکی تر بە رەسمی ناناسن.( نموونەکان ئەوەندە زۆرن لە ژماردن نایەن).

لە هەر ڕوودانی ڕووداوێک (هێرش بۆ سەر مانگرتن، خۆپیشاندان، ئازادی یە سیاسی یەکان) کە لە ئێستادا یاخود لە داهاتوودا رووددات لە ژێر فەرمانرەوایی ئەم دوو هێزە، ئەگەر نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و هەڵسووراوانی سیاسی و تێکۆشەرانی چەپ و سۆسیالیست، هەموو جارێک هەر لاپەرە ڕەشەکانی دەسەڵاتداران لە ماڵپەرو ڕۆژنامەکانی ناوەوە دەرەوە بنووسنەوە و بیدەنەوە بە گوێی ی دەسەڵاتداران، ئەوە پێم وایە تەنیا بەم کارە هەلومەرجی مەوجود وەکو خۆی دەمێنێتەوە، جەماوەری نارازی لە جیاتی بە دەست هێنانی داخوازی یەکانی تووشی شکست و بێ هیوایی دەبێت.

ئەبێت ئەوامان لە لا ڕۆشن بێت دوو شت دەتوانێ داخوازی و داواکاری یەکان و ئازادی مان فەراهەم بکات و هەلومەرجی مەوجود بگۆڕێت ئەویش ئەمانەن: یەکەم بەردەوامی مانگرتن و خۆپیشاندانی سەر شەقام و کارگە و کارخانەکان و زانکۆکان و شوێنی نیشتەجێ بوونمان. دووهەم: ڕێکخراو بوونمان کە ئەمانە دەگرێتەوە (ڕێکخراوە سیاسی و پیشەیی و جەماوەری یەکان).

سەیری دەسەڵاتداران بکەن چی دەکەن؟ ئەوان تەنیا بەوەوە ناوەستن کە پروپاگەندەی ژەهراوی لە دژی ئێمەدا بکەن،ئەگەر چی رادیۆ تەلەفیزۆن و ڕۆژنامە و تەواوی میدیاکانیان خستۆتە گەر لە دژی هەلسووراوان و خۆپیشاندەرانی ڕووداوەکەی هەلەبجە، ئەوەتە هەر دوای ڕووداوەکە لەشکری پێشمەرگەیان بردۆتە ناو هەلەبجەو دەزگای زانیاریش وەکو سیخور دەستنیشانی هەلسووراوانی خۆپیشاندانەکە دەکات و بە پێی هەواڵەکان کە گەیشتۆتە دەرەوە، دەستیان داوەتە ڕەشبگیری و دەیان کەسیان دەستگیر کردووە و قسە لە سەر حوکمی لە سێدارەدان دەکەن. هەرەشە و وتارە شەرانگێزی یەکانی عیماد ئەحمەد و مەلا بەختیار چاوەروانی ئەوەی لێ دەکرێ کە سەرکوتی زیاترش بکەن.

## دەبێ چی بکەین؟

دەبێ چی بکەین لە بەرامبەر ئەم هێرشە بەردەوامەی کە راوەستانی نە یە؟. ئەگەر لە یەک رستەدا کۆی بکەمەوە ئەوەیە ئەبێت بزووتنەوەیەکی بەرەنگاربوونەوەی سەراسەری لە کوردستان دا پێکبهێنین. دەکرێ ئەم بزووتنەوە بەرەنگاری یە چەندین فۆرم و شێوازی جیاواز بە خۆوە بگرێ، بە پێی تەرازووی هێزی خۆمان و هێزی دوژمن هەنگاوی عەمەلی بنێت.

بە بۆچوونی من یەکەمین کارێک لەم مەیداندا بزووتنەوەکەمان ئەبێت دەستی بۆ ببات مەسەلەی پێشکەشکردنی بنیاتنانی ڕێکخراوە جەماوەری یەکانە، کە کلیلی مەسەلەکەیە، سەرەتا دەکرێ لە هەموو شارو شارۆچکەکان لە گەرەک و کارگە و کارخانە و زانکۆ و شوێنی نیشتەجێ بوونمان گەر راستەو خۆ لە توانادا نی یە ئەم یەکێتی یە (شورا، نەقابە، یاخود هەر فۆرمێکی تر کە ئیمکانی هەیە) پێکبهێنین. ئەکرێ دەست ببەین بۆپێکهێنانی کۆمیتەکان لە شوێنانەی کە باسمان کرد. بۆ ئەوەی ئەم کۆمیتانە هەم دەوری رابەری ببینن لە خۆپیشاندانە جەماوەری یەکان و بەردەوامی پێ ببەخشن، هەم ئەم پردە بن بۆ پەرینەوە بۆ گەیشتن بەم یەکێتی یە (ڕێکخراوە) کە جێ ی مەبەستی ئێمەیە.

دەست بە كار بوونیش بۆ ئەم كارە ئەبێت هەر ئێستا كەمپینێک رابگەیێنن لە لایەن هەلسووراوانی سیاسی لە نێو بزووتنەوەی كرێكاری، ژنان، خوێنكاران و جەماوەری بەرفراوان، بەبێ لە بەر چاوگرتنی مەیلی سیاسی و ئایینی و نەتەوەیی و رەگەزی ...هتد.

هەلسووراوان بە گشتی گەر ئەم كارە نەكەین ئەوە لێتان ڕۆشن بێت، دەوڵەتی دەسەڵاتدار چاواروانی ئێمە ناكات ئەوان خەریكی دارشتن و جێبەجێ كردنی پیلانەكانیانن لە دژی ئێمە. ئەگەر ئێمەش لە بەرامبەر ئەم هێرشە هەنگاو نەنێین لێتان مسۆگەر بێت لە هەلەبجە هەلسووراوانی ئەم بزووتنەوەی بەرەنگاربوونەوە كە دەرسێكی باشیان دا بە دەسەلاتداران، نەک تۆڵەمان لێدەكەنەوە بەڵكو ئامانجیان وردو خاش كردنمان و تۆبەیە.